سبەی شاندێکی حکومەتی هەرەم سەردانی بەغدا دەکات

سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق رایگەیاند، سبەی شاندێکی حکومەتی هەرەم سەردانی بەغدا دەکەن و لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی عێراق کۆدەبنەوە و گفتوگۆ لە بارەی بەشبوودجە و موچەی هاوڵاتیانی هەرەم دەکەن.

ئومێد سەباح سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرەم لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند، لەسەر راسپاردەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت کار لەسەر ئەوە دەکەن پێیوەندییەکانیان بەردەوام بێت لەگەڵ ئەندامەکانی حکومەتی بەغدا، ئامانجیش لەو پێیوەندییە بەدەستهێنانی مافە دەستوورییەکانی خەڵکی هەرەمە.

ئاماژەی بەوەشکرد، سبەی دوشەممە شاندی حکومی هەرەم سەردانی بەغدا دەکات و لەگەڵ محەمەد شیاع سودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق کۆدەبنەوە و گفتگۆ لە بارەی بەشە بودجەی هەرەم و موچەی هاوڵاتیان دەکەن.

ئەوەشی خستەوە، لەم ماوەیەدا مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرەم لەگەڵ حکومەتی بەغدا لە

پەیوەندیدا بوە و پرسی بەشە بودجەی لەگەڵ بەرپرسەکانی عێراق تاوتوێکردوە.